ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال

گوندەکانی "سپیندار" و "سوارە"ی سەر لێژاییەکانی چیای مەتین بوون. هەژدە کەسیان لێرە کوژران، هەموویان گوللەبارانی بەپەلەکران.

پاش چەند رۆژ ژیان بردنەسەر لەم دۆزەخەدا، بە یەکەم کۆمەڵی ژنان و منداڵەکان راگەیەندرا کە لەنێوەڕاستی حەوشەی قەڵادا کۆببنەوە. ڕێزێک ئۆتۆمۆبیل لە حەوشەی قەڵا چاوەڕێیان دەکردن. هێندێ لە ئۆتۆمۆبیلەکان ئۆتۆبووسی سەر و پەنجێرە داپۆشراو بوون، هێندێکیان دوو پەنجێرەیان لەدواوە هەبوو، هێندێکیان پاسی بچووک، یان لۆری بوون و، چەندین ئۆتۆمۆبیلی ئیڤای سەربازیی بوون. پاسەوانەکان و بەکرێگیراوانی دەزگەکانی "ئیستخبارات" و "ئەمن"، بە چواردەوری ئۆتۆمۆبیلەکاندا چاوەڕوان بوون تا لەگەڵ کاروانی دیلەکاندا ڕێبکەون. دواجار دیمەنێک کە ژن و منداڵە دیلەکان کاتی بەجێهێشتنی قەڵاکە بینییان، ئەوە بوو دەیاندیت کە سەربازەکان و بەکرێگیراوەکان لە حەوشەی قەڵادا، پیاوە دیلەکانیان کەلەبچە کردبوو و چاویان بەستبوونەوە و بە بلۆک و مشت و دار و بەرد، لە باوک و مێرد و برا و ڕۆڵەکانیان دەدەن. لەنێویاندا ژنێک هاواری کرد: "ئێستا کە پیاوەکانمان دەکوژن، وەرن ئێمە و منداڵەکانیشمان بکوژن!". ئۆتۆمۆبیلەکان دوورکەوتنەوە و، کاروانی ژن و منداڵی کوردی بەدیلگیراو، بە شین و ڕۆڕۆ و گریانەوە بەرەو چارەنووسی نادیار دەبران، هەموو چرکە و ساتێکیش، دیمەنی سامناکی لێدانی ئازیزانیان دەهاتەوە پێش چاویان...

کاروانی ژن و منداڵە دیلەکان، بۆ باشوور، ڕووەو شاری مووسڵ گوێزرانەوە. پێش ئەوەی کاروانەکە بگاتە سەر ڕێگەی بەغدا، لەنێو دیلەکاندا ژنێکی خەڵکی "ئامێدی" سکی پڕ بوو، ژنەکە، ژان دەیگرێ و، ژنەکانی دیکەش هاوار لە هاژۆر (شۆفێر)ی ئۆتۆمۆبیلەکە دەکەن بوەستێ، بەڵام هاژۆرەکە بە گوێدانە داوا و هاواری ژناکان، بەردەام دەبێ لە هاژۆتنی ئۆتۆمۆبیلەکەی، یەکێک لەو سەربازانەی لەنێو ئۆتۆمۆبیلەکەدا دەبێ، بە شەق هەڵدەدا لە سکی ژنەکە، لەکاتی هەڵبەزین و دابەزینی ئۆتۆمۆبیلەکەدا، ژنەکە، منداڵەکەی دەبێ و، هەرلەوێ نێوی دەنێن هاوار...

پیاوە پیرەکانی نێو قەڵا، هەموو ڕۆژێک ئۆتۆمۆبیلی ڕەنگی خۆڵ و شینیان دەبینی کە لە حەوشەی قەڵا ڕادەگیران و، پیاوە گەنجەکانیان سوار دەکرد و دەیانبردن. ئەم پیاوە گەنجانە، هەرگیز جارێکی دیکە نەبینرانەوە..

پێنج سەعات، دوای جێهێشتنی دهۆک، کاروانەکە لەپێش دەرگەی سەربازگەیەک لە شارۆچکەی "سەلامیە"، لەلێواری ڕۆژهەلاتی چەمی دیجلە، بە چەند میلێکی کەم لە باشووری مووسڵەوە، وەستان. ماوەیەکی کەم گفتوگۆ لەنێوان ئەفسەری بەرپرسی کاروانەکە و، سەرۆکی سەربازگەکەدا دەکرێ و ژن و منداڵەکان تەسلیم بە سەربازگە دەکرێن. شایەتەکان دەڵێن، پۆلیس و سوپای گەلیی (جەیش شەعبی)، ئەم نێوەندە سەربازییەیان دەبرد بەڕێوە. دیلەکان گوێزرانەوە بۆ نێو بینایەکی یەک نهۆمی گەورە کە دابەشکرابوو بەسەر ١٢ ژووری گەورەی زۆر قەرەباڵغدا. هەرێەک لە ژوورەکان پەنجا یارەد درێژبوون. هەرێەک لە ژوورەکان، خەڵکی نێوچەیەکیان تێدا بوو، بەڵام هەموو دیلەکان خەڵکی نێوچەی بادینان بوون، یەک وشەی کرمانجی نێوەڕاست (سۆرانی) نەدەبیسترا. ژنەکان دەبوو، لێرە لەماوەی نێوان دە ڕۆژ بۆ دوو حەفتە بمانایەنەوە. شایەتەکان دەڵێن، بارودۆخی بەندیخانەی سەلامیە لەچاو بەندیخانەی نزارکێ (قەلای دهۆک) گەلێک باشتر بوو. لێرە هیچ ژنێ ئەشکەنجەنەدەدرا و دەستدرێژیی نەدەکرایە سەر ناموسی. بیرەوەرییەکانی سەلامیە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە و یەک نین. هەندێ لە ژنەکان دەیانگێڕایەوە، هیچ جۆرە خواردنێ نەبووە جگە لە نانی ڕەق و زیر و کەڕاوێ نەبێ، لەگەڵ تەنکییەکی ئاو لەنێو حەوشەکە. هێندێ ژنی دیکە دەیانگوت، ڕۆژی سێ ژەم خواردنیان هەبوو کە بریتیبوو لە نان، برنج، شلە لەگەڵ مرەبا، هەروەها ئاویش لەبەردەستدابوو بەڕێگەی لوولەکێشییەوە، تەنانەت قاڵبەسەهۆلیشی لێبوو بۆ خواردنەوەی ئاوی سارد لە گەرمای بەتینی هاویندا. نێو بەندیخانەکە دووکانێکی بچووکی لێبوو. بەهیچ جۆرێ سابوونیان نەدەداپێیان، بەڵام هەموو ڕۆژێک دەیانتوانی جلوبەرگەکانیان لە ئاوی حەوشەکەدا بشۆن...

وێدەچێ، هۆی جیاوازیی خواردن و پێڕاگەیشتنی نێوان ژوورەکانی زیندانی سەلامیە، ئەوە بووبێ کە ژنە بە تەمەنەکانیان لە ژنە جوان و کەمتەمەنەکان جیاکردنیتەوە! هەروەک ئاماژەکرایێ، زیندانی سەلامیە لەبەراورد لەگەڵ زیندانی قەلای دهۆک دا گەلێک باشتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، لێرەش لە دۆخێکی سەخت و دژواردا دەژیان. ژن منداڵەکان بەتێکڕا، لەسەر زەوی ڕووت و چیمەنتۆکراوی نێو